Kurdistan Save the Children Children's Fund
مندالپارێزی کوردستان

# سەنتەری گەنجانی رانیە

## نهێنی کۆبوونەوە و دارایەکانی سەنتەری دەباتە دەرەوە

Ranyaganjan@yahoo.com

تا دوور لە بیرو بۆچوونەکانی گەنجانو لە ژووری کۆبوونەوەکاندا بڕیار لەسەر چالاکیەکانی نەداتو گەنجان دوورە پەرێز نەخات لەوەی چیان دەوێتو چییان پێویستەو وەك رچە شکاندنێك لە ژیانی چالاکی رێکخراوەییدا، بۆ ئەوەی لەناو کۆبوونەوەکانی ستافدا باس دەکرێت، نهێنی نەبێت، سەنتەری چالاکی گەنجانی رانیە بڕیاریدا لەمەودوا مانگانە لەگەڵ گەنجانی رانیەدا کۆ ببێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش رۆژی هەینی رێکەوتی ٢٠٠٦/١٠/٦ کاتژمێر ٤ ئێوارە لە باخچەی سەنتەر لە ژێر ناوی ( سەنتەرێك بۆ هەموان ماڵێکی چالاك بۆ گەنجان ) هەڵسا بە سازدانی مێزگردێکی کراوە بۆ گەنجانی شاری رانیە بە بەشداربوانی سەرجەم خول و بەشەکانی سەنتەر بەمەبەستی رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن ، پێشنیار و پلانی نویێ چالاکیەکان، باس کردنی دارایی سەنتەر لە ساڵی ٢٠٠٦ خوێندنەوەی چالاکیەکان،بۆ ئەو مەبەستە و لە سەرەتای مێزگردەکە (صدیق عەلی )کارگێری سەنتەر مێزگردەکەی کردەوە و دواتر بە ووردی دارایی سەنتەری خوێندەوە و باسی لە سیستەمی پرۆپۆزەل کرد کە بە گوێرەی چالاکیەکان دوا دەکرێت ،هەروەها دوای لە گەنجەکان کرد کە هەر تێبینی و سەرنجێکیان هەبێت بیخەنە روو ، پاشان (خالید قادر) بەرێوەبەری سەنتەر باسی لە کارو چالاکیەکانی ساڵی ٢٠٠٦ کرد کە توانراوە خەرمانێك لە کارو چالاکی ئەنجام بدرێت ، هەروەها بەرنامە و ئامانجەکانی سەنتەری خستە روو کە پرۆژەیەکی بێلایەنە و ئامانج تێیدا گەشە پێدانە بە توانا و خولیای گەنجان بە بێ جیاوازی و تەکیدی لەسەر رەخنە و پێشنیاری گەنجەکان کردەوە بۆ زیاتر گەشە پێدانی سەنتەر دواتر گەنجەکان رەخنەو پێشنیارەکانی خۆیان خستە روو کە تێدا وێرای دەست خۆشی لە کارو چالاکیەکان چەندین پێشنیار و پلانی نویی چالاکیان خستە روو ، لەسەر شێوازی بەرێوە چوونی بەشەکانی سەنتەر ڕاو بۆچونێکی زۆر ئاڵوگۆر کرا و تێدا بەشداربوان بە هەستیاریەوە دەست نیشانی کێشە و کەم و کوریەکانیان کرد و پلان و چارەسەریان بۆ خستە روو . ئەنجامی ئەم مێزگردەش پلانێکی تازەی سەنتەری لێدەکەوێتەوە کە بریارە لە ئایندەیەکی نیزیکدا بگیرێتە بەر


















# كارو چالاكيەكانى ساڵى ٢٠٠٦ سەنتەرى گەنجانى رانيە

١- ئەنجام دانى ٣٦ كۆڕى رۆشنبيرى ( هونەرى ، زانستى ، پەروەردەيى ، سياسى ، ئەدەبى ، رۆشنبيرى )

٢- دوو پێشانگاى شێوەكارى بۆ گەنجانى بەشى شێوەكارى لە رانيە و قەڵادزێ

٣- پێشانگاى كاريكاتێر بۆ هونەرمەند كاكە عەبە لە هوڵى كتێبخانەى گشتى

٤- پێشانگايەكى فۆتۆگراف بۆ هونەرمەندى جيهانى ئان يارسەس لە هوڵى كتێبخانەى گشتى

٥- سازدانى گەشتێكى بەهارى بۆ سەيرانگاى دوكان

٦- كردنەوەى بەشى گرافيك

٧- نمايش كردنى شانۆگەرى ( ووڵاتى خەوتووەكان ) ٢ جار لە رانيە و قەلادزێ

٨- سازدانى ئاهەنگێكى گۆرانى و مۆزيك لە شارۆچكەى سەركەپكان

٩- ۆرك شۆپى گوندەكان گوندى بۆسكين

١٠- هەڵمەتى پاك كردنەوەى شار

١١- گەشتى بەشى شێوەكارى بۆ ناوچەى( دۆڵى ) بەمەبەستى كارى هونەرى و تێكەڵ بوون لەگەڵ سروشت

١٢- كردنەوەى ٩ خولى كۆمپيوتەر ، ٢ خولى زمانى ئينگليزى ، يەك خولى دروومان ، يەك خولى فێربوونى زمانى فارسى ، ٦ خولى مۆزيك و شێوەكارى، ٢ خولى گرافيك ، يەك خولى ناوبژيوانى وەرزشى ، يەك خولى فێربوونى ئينتەرنێت بۆ كچان

١٣- پەخش كردنى سەرجەم ياريەكانى مۆنديال

١٤- پاڵەوانيەتيەكى وەرزشى ياريگاى بچوك بۆ تيپە وەرزشيەكانى ناو شارى رانيە لە ياريگاى كازيوە

١٥- چەندين يارى وەرزشى تۆپى پێى و دۆستانە و بەشدارى كردن لە پاڵەوانيەتى وەرزشى تۆپى پێ

١٦- بە بەشدارى ٤٢٠ گەنج كردنەوەى چەندين خول (دروومان ، كۆمپيوتەر ، مۆزيك ، رۆشنبير گشتى ، ئارايشت ، خولى ئينگليزى ) بۆ ماوەى يەك مانگ لە شارى قەلادزێ و سازدانى ئاهەنگ كۆتايى و پێشبركێى رۆشنبيرى

١٧- كۆمەكى منداڵانى ژێر خێوەت نشينى ( رانيە _چوارقورنە ) و دابين كردنى دەرمان و چارەسەرى منداڵە نەخۆشەكانى ژێر خێوەتەكان . هاوكاريەكانى تيمى فرياگوزارى كۆمەڵايەتى بۆ دابين كردنى پاسكيلێكى كەم ئەندامان و چارەسەرى گرفتى كۆمەڵايەتى ٤ گەنج

١٨- چالاكى رۆژانەى بەشەكانى (كارگێرى ، كتێبخانە ، ئينتەرنێت ، مۆزيك ، شێوەكارى ، پەخش )

١٩- هاوكارى كردنى رێكخراوەكان بۆ چالاكى و پێدانى كەلوپەل

٢٠- هاوكارى كردنى رێكخراوى راسان و رێكخراوى ئاسودە وبۆ چالاكى هونەرى و رۆشنبيرى

٢١- كردنەوەى خولى مۆزيك لە قەلادزێ